کەواتا من مەکە بە شاهێدی؛ چونکە من شاهێدی نادەم لەسەر ستەمکردن

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: دایکی -بە سەرناوی- کچی ڕەواحە داوای لە باوکی کرد کە هەندێك پارە وسامان بدات بە کوڕەکەی وەکو دیاری، بەڵام ئەو بە گومان بوو بۆ ماوەی سااڵێك پاشان بڕیاری دا، (کچی ڕەواحە) ووتی: من ڕازی نیم (لەسەر ئەم بەخشینە) هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- شاهێدی دەدات لەسەر ئەمەی کە وەکو دیاری بەخشیووتە بە کوڕەکەم، باوکم (بەشیر) دەستی گرتم ولەو کاتەدا کوڕەمنداڵێك بووم، هات بۆ الی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دایکی ئەم کوڕە، کچی ڕەواحە، هیواداڕە کە شاهێدی بدەیت لەسەر ئەوەی وەکو دیاری بەخیشوومە بە کوڕەکەی، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی بەشیر، ئایا منداڵی ترت هەیە جگە لە ئەم؟»، ووتی: بەڵێ، فەرمووی: «ئایا بە هەموویان وەکو ئەم دیاریەت پێبەخشیوون؟»، ووتی: نەخێر، فەرمووی: «کەواتا من مەکە بە شاهێد؛ چونکە من شاهێدی نادەم لەسەر ستەمکردن». ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: «یەکێکی تر بکە بە شاهێد لەسەر ئەمە».

[سەحیح - ڕاست)] [متفق عليه، وله ألفاظ عديدة)]

نوعمانی کوڕی بەشیر -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دایکی بە ناوی عەمرەی کچی ڕەواحە -ڕەزای خوای لێبێت- داوای لە باوکی کرد کە هەندێك لە سامانەکەی وەکو دیاری ببەخشێت بە کوڕەکەی (بە نوعمان)، بەڵام باوکی بە گومان بوو وبۆ ماوەی سااڵێك دوای خست، پاشان بڕیاری دا کە وەڵامی داواکەی بداتەوە ودیاری ببەخشێت بە نوعمانی کوڕی، عەمرە ووتی: ڕازی نابم هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- شاهێدی دەدات لەسەر ئەوەی بە کوڕەکەمت بەخشیووە، باوکم دەستی گرتم ولەو کاتەدا من کوڕەمنداڵێکی بچۆکەلە بووم، هات بۆ الی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دایکی ئەم کوڕە؛ کچی ڕەواحە پێی خۆش بوو شاهێدی بدەیت لەسەر ئەوەی وەکو دیاری بەخشیوومە بە کوڕەکەی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەی بەشیر، منداڵی ترت هەیە جگە لە ئەم؟ ووتی: بەڵێ. فەرمووی: ئایا وەکو ئەم دیاریەت بەخشیووە بە هەموو ئەوانی تر؟ ووتی: نەخێر فەرمووی: کەواتا من مەکە بە شاهێد، چونکە من شاهێدی لەسەر ستەم نادەم. ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا هاتووە؛ بە سەرزەنشتێکەوە پێی فەرموو: بەڵکو خەڵکی تر بکە بە شاهێد لەسەر ئەم ستەمە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6035